# کتێبی نوێ




**شیعری سێ شاعیرن، هەرسێکیان لە شاعیرە گەورەکانی سوێدن. سێ ئەزموونی گەورە و سێ دەنگی جودان، کە کاریگەریی زۆریان بەسەر ئەدەبی نوێی سوێدییەوە هەیە.**

**دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس چاپی کردووە و لەم رۆژانە گەیشتە کتێبخانەکانی کوردستان.**

rizgar_shekani@yahoo.se



**ئارتور لوندکڤیست**
1906 - 1991



**گوننار ئێکێلۆف**
1907 - 1968



**ئێدیت سۆدێرگران**
1892 - 1923

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## ئێدیت سۆدێرگران

یەکێکە لە شاعیرە هەرە سەرسورهێنەرەکانی ئەدەبی سویدی. مودێرنسمی زمانی سویدی لەم پێشرەوەدا سەرچاوەی هەڵگرتووە. بە زمانی فینلەندیش شیعری نووسیوە و رۆڵی کاریگەری هەیە لە گەشەکردنیدا. ئێدیت دەیتوانی بە روسی، فرانسی، ئینگلیزی، ئەڵمانی و ئیتالیش بنووسێ. هیچ شاعیرێکی سویدی وەکو ئەو هێندە زۆر باسی جیهانی خۆی نەکردووە. هەرهەموو شیعرەکانی لەبارەی ئەزموونی ژیانی تەنیایی وناخۆشی خۆیەتی، بەشێوەیەک کە وتوویەتی: من شیعر نانووسم، بەڵکو خۆم دروستدەکەم.

"شیعر" یەکەم دیوانی ئێدیت سۆدێرگران بوو، کە ساڵی 1916 چاپیکرد. بەلام کە دوای دوو ساڵان دیوانێ "سێپتێمبەر" چاپدەکات، رەخنەگرەکان بەگەرمی پێسوازی لێناکەن و رەخنەی توندی لێدەگرن، بەوەی کە ئەمانە شیعری شێتانەن.

لە رۆژەکانی کۆتایی ساڵی 1918 ، ئێدیت بەم شێوەیە وەڵامی ئەو رەخنانەی دایەوە: **چەند وشەیەک لەبارەی کتێبەکەمەوە "سێپتێمبەر". ئەم کتێبە بۆ خەڵک نییە. بۆ توێژی رۆشنبیریش نییە. هەر بۆ ئەو چەند کەسانەن کە لەسەر سنووری دوارۆژدا وەستاون.**

ئێدیت شیعری هێندە جوانی نووسیوە، کە تا ئەمرۆش کاریگەرن لە گەشەی شیعری سویدی.ئەو یەکەم شاعیر بوو کە لەشێوەی کەتەلۆگی شیعری نووسیوە، مەبەست لەو جۆرە شیعرانەیە، کە هەمان وشە دەبێتە سەرەتای هەموو دێرەکان. بۆ ئەوەی لە شیعرەکانی بگەین، دەبێ کەمێک لەسرووشتی دەوروبەرو چارەنووسی ژیانی بزانین. ئێدیت لە شاری سانت پیتەرسبۆرگ لە دایک بووە، تەمەنی سێ مانگ بوو کەماڵیان گوێزایەوە بۆ گوندی رەیڤولەی فینلەندا، کە ئەم گوندە، ئێستا سەربە رووسیایە. لە تەمەنی شازدە ساڵیدا تووشی نەخۆشی سیل دەبێ، کە ساڵێک پێشتر باوکی بەهەمان نەخۆشی مردبوو. لە خوێندن دادەبرێت و لەنەخۆشخانەدا دەکەوێت. چاکنابێتەوە. بەشێکی زۆری سی و یەک ساڵی ژیانی بەتەنیاو بەخەموپەژارەوە لەگەڵ سەگ و پشیلەکەی دەگوزەرێنێت. ئەو هەژاری و دەردەسەرییەی کە جەنگی یەکەمی جیهانی، شۆرشی رووسی و شەری براکوژی فینلەندا لەگەڵ خۆیاندا هێنایان، لەو دەوروبەرە غەدارو لەو واقیعە ترسناکەدا، ئێدیت شیعری هێندە جوانی نووسیوە، کە لەوانەیە جوانترین شیعری ئەدەبی سویدی بن. لە هاوینی ساڵی 1923 گەورەترین شاعیری نوێخوازی سویدی، لە تەمەنی سی و یەک ساڵیدا بە ئازاری ئەو نەخۆشییەوە سەردەنێتەوە کە هەر لەتەمەنی شازدە ساڵییەوە تووشی ببوو.

## گوننار ئێکێلۆف

سەرەتای ساڵانی سەدەی رابردوو، لە ستۆکهۆلم، کچێکی تەمەن بیستوپێنج ساڵان و پیاوێکی تەمەن چل ساڵ، دەبنە ژنومێرد. ژنەکە لە خێزانێکی بە چەند پشتان دەوڵەمەند و پیاوەکەش لە خێزانێکی هەژارەوە هاتبوو. پیاوەکە بۆرسەزانێکی وریا بوو، پارەیەکی زۆری قازانج کردبوو. لەنێو چینی بۆرژوا و دەوڵەمەندەکاندا رێزی لێدەگیرا ووەک هاوچینی خۆیان رەفتاریان لەگەڵدا دەکرد. ئەم ژنومێردە لە 25 ئەیلوولی 1907 کورێکیان بوو و ناویاننا **گوننار**.

لە سەرەتای ژیانی منداڵی "گوننار"دا، دایک و باوکی ناکۆک بوون. لە نێوانییاندا تەنێ جیاوازییەکی زۆر لە تەمەن و رەچەڵەکیان نەبوو، بەڵکو لە شێوەی ژیان و باوەڕی ئاینییشیاندا هەبوو. باوکی ئینجیلخوێن بوو، مەیخۆر نەبوو، حەزی لە کارەکەی دەکرد و کورەکەی زۆر خۆشدەویست. دایکیشی ژنێکی جوان و جاولەدەر و شەوبێر بوو. تەمەنی گوننار هەشت ساڵ بوو کە باوکی مرد.

گوننار لای دایکی مایەوە و خرایە بەرخوێندن. لەهەرەتی لاویدا کە خوێندکاری ئامادەیی بوو، زۆر حەزی لە ئەدەبی رۆژهەڵاتی ناوین و موسیکی هیندی دەکرد. شیعرەکانی ئیبنولعارەبی زۆر بەدڵ بوون، بەتایبەتی "تەرجوومان ئەشواق"ی وی.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ساڵی 1925 بۆیەمەکجار سەفەری پاریس دەکات. ئەوکات هێندە لەمێژ نەبوو، ئەندرێ بریتۆن مانیفێستی سوریالییەکانی بڵاوکردبۆهوە. ئەودەم پاریس مەڵبەندی چالاکی و بزووتنەوەی کولتووری بوو. لە هەموو دنیاوە نووسەر و هونەرمەند روویان لێی کردبوو.
لە سەرەتای ساڵانی سیدا، بەرهەمێکی زۆری سوریالییە فرەنسییەکانی وەرگێرایە سەر زمانی سوێدی و لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا بڵاوی دەکردنەوە. لە ناوەرِستی سییەکاندا باوەڕی بەم بزووتنەوەیە نامێنێ.
سەرەتای ساڵی 1956 زانکۆی ئوپسالا، بۆ رێزلێنان لە کار و بەرهەمەکانی و کاریگەری ئەو لە ئەدەبی سوێدیدا، "دکتۆرای رێزلێنان"ی دەداتێ. لەهەمان ماوەدابوو کە "ئەکادیمیای سوێدی" ش کردی بە ئەندامی خۆی و کورسی ژمارە هەژدەی پێڕەوا بینی. لەماوەی ئەو دە ساڵەی کە ئەندامی ئەکادیمیا بوو، هەر دژی ئەوە بوو کە نیرۆدا و شۆلۆخۆف خەڵاتی "نوبێل"یان بدرێتێ. گوننار دەیگوت: شۆلۆخۆف هاوکاری ستالین بووە و نیرۆداش دەستی لە کوشتنی ترۆتسکی دا هەبووە.
لە کۆتایی ساڵانی ژیانیدا گەورەترین سرووشی شیعریی بۆ هاتووە. لەو ماوەیەدا سێ قەسیدەی رۆژهەڵاتی نووسیوە، کە لە ئەدەبی سوێدیدا بە شیعری بێزەنتینی و رۆژهەڵاتی ناسراون.
رەخنەگرەکان گوننار ئێکێلۆفیان بە رووی هاودەمی شیعری سوێدی ناودەبرد، یەکێک لەوان نووسیویەتی: هەرجارێک لە ئێکێلۆف دیوانێکی نوێ چاپ دەکات، شیعری سوێدی رەوتی خۆی دەگۆڕێ.
لە 16 ئاداری 1968 بەدەم ئازارەوە دڵی گوننار ئێکێلۆف، کە یەکێکە لە شاعرە گەرەکانی سەدەی رابردووی سوێد، لە لێدان کەوت.

## ئارتور لوندکڤیست

نیو سەدە زێترە، ئارتور لوندکڤیست دەنگێکی گەورەی ئەدەبی سوێدییە، دەنگێک کە رەنگە چەندان سەدە ببیسترێ. ئەو هەر لە دەمی هەرزەکارییەوە، دەیزانی ، یان راستتر بڕیاری دابوو ببێ بە نووسەر. بۆیە بە ژیانی جوتیاریی خێزانەکەی نامۆ بوو. باوکی هەوڵیدا لە نووسین دووری بخاتەوە و لەسەر کارکردن رایبێنێ، بەڵام ئارتور باوەڕی بەخۆی بوو، دەیویست خۆی رێگای ژیانی هەڵبژێرێ.
لە تەمەنی بیست ساڵیدا لەماڵ دەردەچێ و لە ستۆکهۆلم جێنشین دەبێ. لەوساوە تا دوا رۆژی ژیانی بە دەستکەوتی نووسین ژیا. ئارتور زوو لەو راستییە گەیشت، کە وەک نووسەر، دەبێ دووربێ لە ژیانی خێزانداری و منداڵ پەروەردەکردن. دەبوو ژن نەهێنێ و نەوەی لێنەبێتەوە. چونکە بڕوای وابوو، کە رێگای کارکردنی لێدەگرن. بەڵام کە بە مارییا ڤینێ ئاشنا دەبێ و دواییش بەو مەرجە دەیخوازێ کە منداڵیان نەیێت. مارییا رازی دەبێت و خۆیان بۆ نووسین تەرخان دەکەن. بەمە سەرەتای هاوسەرییەتییان دەستپێکرد.
ئارتور لەماوەی هەشتاوپێنج ساڵی ژیانیدا هەر بەوە راگەیشت هەشتا کتێب چاپبکا، کە شیعر و چیرۆک، رۆمان و رەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بوون.
ئارتور یەکێک بوو لەو نووسەرانەی کە زۆر لە نووسەرە گەورەکانی جیهانی دۆزیوەتەوە. بەردەوام نووسەری باسی دەدۆزییەوە، بەرهەمەکانی وەردەگێڕایە سەر زمانی سوێدی و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەنووسین. ئەوبوو ساڵانی شەست شیعرەکانی "پاپلۆ نیرۆدا و ئۆکتاڤیۆ پاز" ی وەرگێرایە سەر زمانی سوێدی و لێکۆڵینەوەی لەسەریان نووسی و پاشانیش رۆلی سەرەکی هەبوو لە بەخشینی خەڵاتی نوبێل بەم دوو نووسەرەدا.
لە ساڵانی سیدا ئارتور و گوننار ئێکێلۆف شیعر و مانیفێستی سووریالییە فرەنسییەکانییان وەرگێڕایە سەر زمانی سوێدی و بزووتنەوەی سووریالییەکانییان هێنایە ناو ئەدەب و هونەری سوێدی. لە ساڵی 1968 گوننار ئێکێلۆف مرد، ئارتوور هەڵبژێردرا ببێ بە ئەندامی ئەکادیمیا. ئارتور گەورەترین گەڕیدەی ئەدەبی بوو، گەڕیدەیەک کە هەر هەموو دنیا گەڕا. بە نووسین باسی ئەزموونی سەفەرەکانی خۆی کردووە. بۆ ئەو، سەفەرکردن وەک خوێندنەوە، ۆیویستییەکی ژیان بوو. دوو رێگا بوون بەرەو حەقیقەت.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com